سبەی هەینی نەوەی نوێ کەرنەڤالی کۆتایی بانگەشەی خۆی بە وتارێکی شاسوار عەبدولواحید بەڕێوەدەبات

کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆی سبەینێ هەینی، نەوەی نوێ کەرنەڤالی کۆتایی بانگەشەی خۆی بە وتارێکی شاسوار عەبدولواحید بەڕێوەدەبات.

سبەی هەینی ٧ـی تشرینی دووەمـی ٢٠٢٥، کەرناڤاڵێکی نەوەی نوێ لە هۆڵی سپی تەنیشت چاڤیلاند لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت و بە وتارێکی شاسوار عەبدولواحید دەستپێدەکات، نەوەی نوێ داوا لە هاوڵاتیان دەکات وەک وەفایەک بە شاسوار عەبدولواحید ئامادەی کەرناڤاڵێک و وتارێکی شاسوار عەبدولواحید بن.

نەوەی نوێ بە دروشـمی (دەسـەڵات ئەمجارەش درۆ ئەکەن) کەمپینی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی دەستپێکرد، سەرباری ئەوەی سەرکەکەی لە زیندانە بەناو کەمپینی هەڵبژاردنەکەیان بەهێز و کاریگەر بوو.

نەوەی نوێ بەنێوی بەشداری حکومەتی داهاتووی عێراق و چارەسەری کێشەی مووچە و گرفتەکانی تری هاوڵاتیانی لە بەغداوە داوە بەیە داوادەکات هاوڵاتیان ١١ـی ١١ دەنگی پێبدەن تا لە بەغدا پێگەی بەهێزتربێت و کێشەکان چارەسەربکات.